وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی ماتماتیك

# بەرێوەبردن و سەرپەرشتیاری

## وانەی 3

ماموستا بابەت

ئەژین سردار محمد

2023-2024

# تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە

1. دەبێت خاوەن رۆشنبیریەکی گشتی بێت .
2. دەبێت کەسێکی داد پەروەر بێت.
3. دەبێت کەسێك بێت توانای هەبێت وە پسپۆر بێت بە لایەنی کەم لە یەك بابەت لە بابەتەکانی قوتابخانەدا.
4. دەبێت راهێنانی لەسەر وانەووتنەوە کردبێت بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بۆ ماوەی چەند ساڵێك.
5. دەبێت کەسێك بێت توانای کەران بە دوای زانیاری هەبێت و وە توانای داهێنانی هەبێت وەژیرانە هەڵس و کەوت بکات وە هەروەها توانای دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوی هەبێت.
6. دووربێت لە هەڵچوون و دەمارگیری و تورەبوون
7. پێشکەوتن خوازبێت و باوەری بە گۆران و پەرەسەندنی بەردەوام هەبێت.

# بەڕێوەبەری سەرکەوتوو کێ یە؟

بەڕێوەبەری سەرکەوتوو و کارامە کەسێکە کە لە ڕا پەراندنی کارو ئەرکەکانیدا کەسێکی کارزان و لێهاتوو و سەرکەوتوو بێت و بە پێ ی یاساو ڕێساکانی قوتابخانە و بەسوود وەرگرتن لە توانا و لێهاتوویی خۆی لە هونەری بەڕێوەبردندا بە باشترین و جوانترین شێوە کارەکانی قوتابخانە بەڕێوە ببات و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

# ئاستەنگەکانی کارگێڕی:

بە پێ ی بەڕێوەبردنی هەر دامەزراوەیەکی کارگێڕی بە پێ ی دەوڵەت و سیستەم وە ئەو کۆمەڵگایەی

کە بەڕێوەبردنەکەی تێدا ئە نجام دەدرێت بەڕێوەبردن تووشی چەند کێشوە زەحمەتیەك دەبێتەوە کە

بریتین لە مانەی خوارەوە:

# ئاستەنگەکانی کارگێڕی:

1. نزمی ئاستی بەڕێوەبەرەکان لە ڕووی زانستی و کارگێڕیەوە.

2. نزمی ئاستی بەڕێوەبەرەکان لە ڕووی کارگێڕی دەروونی یەوە.

3. نزمی ئاستی بەڕێوەبەرەکان لە ڕووی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی و دبلۆماسی یەکانەوە.

4. نزمی ئاستی بەڕێوەبەرەکان لە ڕووی زانیاری یە تەکنەلۆژی یەکان و پێوەرە جیهانیەکان.

5. <u>**نەبوونی بینایەی قوتابخانەو مەرجە قوتابخانەیی یەکان لە بینایەی قوتابخانەکاندا.**</u>

6. نەبوونی مامۆستای میلاك و كەل و پەل و هۆكاری فێركردن و كەرەسەی تاقیگەكان لە ناو قوتابخانەدا.

7. هەبوونی زیاتر لە دەوامێك لە زۆربەی قوتابخانەكان و كەمی كادیری زانستی كە بگونجێت لەگەڵ سیستەمی ئێستای خوێندن.

8. دەستێوەردان لە كاروباری كارگێری و نەبوونی سەربەخۆی لەكەسی كارگێری دا.

9. هاوكری نەكردنی كۆمەڵگا لەگەڵ ستافی قوتابخانە.

10. كاڵ بوونەوەی پێوەری پاداشت و سزا لە ناوەندە كارگێریەكاندا لەبەر بەرژەوەندی تاكەكەسی و پەیوەندی كۆمەڵایەتی .

11. هەڵ نەبژاردنی بەرێوەبەرەکان لەسەر بنەمای لێهاتووی شارەزایی ودڵسۆزی بۆ پرۆسەی خوێندن.

12. گۆرانکاری خێرا لەسیستەمی خوێندن و نەبوونی پەیوەندیەکی باش لە نێوان خۆیان مامۆستاکان وە مامۆستایان و کەس و کاری قوتابیان لە لایەکی تر.

13. هەبوونی ئەو مامۆستاو قوتابیانەی کە یاخی دەبن لە یاساو رێساکانی قوتا بخانەوپێوەی پابەند نابن.

# شێوازەکانی  بەڕێوەبردنی قوتابخانەیی

- مەبەست لەم شێوازانە جۆراو جۆربوونی بەڕێوەبەرایەتیەکانە لە قوتابخانەکاندا بەو واتایەی هەر بەڕێوەبەرێك فەلسەفەو سیاسەتێکی جیاوازی هەیە لە پیشەکەیدا ,گرینگ ئەوەیە بتوانیٚ لەگەل ستافەکەیدا ڕێکەوتنێکی باشی هەبێت و گرینگی پێدراو بێت کە ستافەکەی پێکهاتوون لە ( یاریدەدەری بەڕێوەبەرو مامۆستاکان و قوتابیان و توێژەرانی کۆمەلاٚیەتی و نوسەران و کارگوزاران و  هەموو ئەندامانی قونا بخانەکە هەریەکیان بە  پیٚ ی ناونیشانی خۆیان ) کە هەموو ئەمانە ڕێکخستن و ئەرك و بەرپرسیارەتیان لە ئەستۆی بەڕێوەبەرە کە هەریەکەو بە  پێی پسپۆری خۆی کارەکە

- ئەنجام دەدات زۆر جار سیفاتی بەڕێوەبەر لە قوتابخانەیەك بۆ قوتابخانەیەکی تر جیاوازە لە هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێ قوتابخانە لە هەموو کاتێکدا یەك شێوازی بەڕێوەبردن پەیڕەو ناکات کە ببێتە شێوازێکی بنەرەتی و سیمایەکی تایبەتی ئەو قوتابخانە بە پێچەواە لە هەندێ قوتابخانەکاندا بۆ هەمیشە بە درێژایی خزمەتی بەڕێوەبەرەکە یەك شێواز پەیرەو دەکرێت کە دەبێتە بنەماو سیمایەکی تایبەتی ئەو قوتابخانەیە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت شێوازەکانی بەڕێوەبردن دیاری بکرێن بۆ سێ جۆر:

# شێوازەکانی  بەڕێوەبردنی قوتابخانەیی:-

1. بەڕێوەبردنی دیکتاتۆری ( الادارة الدیکتاتوریة )

2. بەڕێوەبردنی دیموکراتی ( الادارة الدیمقراطیة )

3. بەڕێوەبردنی گێرەشێوێنی ( الادارة الفوضویة )

# بەڕێوەبردنی دیکتاتۆری:

- ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە لە ئاستێکی بەرزی بەرێوەبردن دەبینرێت , بە شێوەیەك کە بەرپرسیاریەتی تەنها بۆ یەك کەسە واتە بۆکۆمەڵێك کەس نیە مەبەست لە بەرێوەبەری دیکتاتۆری واتە تاك فەرمان ڕەوایە لە قوتابخانەدا لێرەدا بەرێوەبەری قوتابخانە ئەم شێوازە دیکتاتۆریە دەکاتە سیاسەتی خۆی لە بەرێوەبردندا کە هەموو پلان و بەرنامەو رێنمایی بڕیارەکان لەو رێگەوە چارەسەر دەکات یاخود جێ بە جێ دەکات بەو مانایەی کە پێویستە مامۆستاکان پێوەی پابەند بن و جێ بەجێ ی بکەن کە ئەمەش وا دەکات بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی دۆستایەتی وهاوڕێیەتی لە نێوانیان دا بەدی نەکرێت بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بیرو ڕای بەرێوەبەری دیکتاتۆری یاخود تاییە تمەندیەکانی پێکهاتووە لەمانەی خوارەوە:

## نەکرێت  بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بیرو ڕای بەرێوەبەری دیکتاتۆری یاخود تایبە تمەندیەکانی پێکهاتووە لەمانەی خوارەوە:

1. ماموٚستایان چینێکن هەست بە بەرپرسیارەتی ناکەن و تواناى بەڕێوەبردنی کارەکانیان نیە بە شێوەیەکی باش و وە داهێنانیان نیە لە  پیشەکەیان بۆیە واباشترە بە بەردەوامی بڕیان لەسەر دەربکرێت بە وردی چاودێری بکرێن.

2. بەرێوەبەر گرینگی زۆر دەدات بە هەموو ئەو ڕێگەو کەرستەو ئامرازانەی کەلە  پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەکار دەهێنرێت وە هەموو کارەکانی ناو قوتابخانەی تەنها خۆی سەرپەرشتی دەکات.

3. هێزوو دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ پاڵە پەستۆ خستنە سەر مامۆستاو فەرمانبەران بۆ بەرێوەبردنی قوتابخانە.

4. کەم لەگەڵ دەستەی مامۆستایان کۆدەبێتەوەو کۆبوونەوەکەشی زۆرجار لە ناکاوە و بە کورتی و بە خێرایی زانیاری و ڕێنمایەکانیان پێ ڕادەگەیەنن.

5. بۆ دەرکردنی بڕیار تەنها لەگەڵ ئەو مامۆستایانە گفتوگۆ دەکات کە لەلای خۆی هەڵبژاردەو جێ ی متمانەن.

6. وا دەزانێت بەڕێوەبردن هەموو مافێکی پێ دەبەخشرێ.

7. کەسێکی خۆ ویست و خۆ پەرستە.

8. تەنها کار بۆ ناوبانگ دەرکردنی خۆی دەکات .

9. توندو تیژە لەگەڵ مامۆستایان و فەرمانبەرانی .

- 10- بڕیارو ڕێنماییەکانی بە زۆرە ملێ دەسە پێنێت.
- 11- سیخوری بەسەر مامۆستایان و فەرمانبەرانی دەکات.

# بەڕێوەبردنی دیموكراتی:

- ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە بە شێوەی هاوبەشی كردنی هەموو ستافەكەیە كە بە هاوكاری هەریەكەیان بڕیارەكان دەردەكرێت و جیٚ بەجیٚ دەكرێت .ئەمەش وادەكات كە بەڕێوەبەر پێش ئەوەی هەربڕیارێك دەربكات گفتوگۆ و ڕادەربڕینی هەبێت لەگەڵ ئەندامانی قوتابخانەكەی كە ئەمەش دەبێتە یارمەتی دەرێكی باش بۆ لێكۆڵینەوەی بارودۆخەكان و هەموو تایبەتمەندیەكانی پیشەكە تا ئەو ڕادەیەی كە كاریگەردەبێت لەسەر دابەش كردنی بەرپرسیارەتیەكان وە ڕوونكردنەوەی ڕێنماییەكان كە زۆرجار روون نین و كارەكان دیارنەكراون ئەمەش ئەگەر بە هاوكاری كردن نەبێت دەبێتە هۆی لێك تێنەگەیشتن لە نێوان ئەندامانی ستافەكە بۆیە دەبێت بەڕێوەبەر هەموو ئەو لایەنانە لێك بداتەوە كە كارمەندەكانی بیركردنەوەیان هەیەبۆی كە ئارامی دەروونی و ئەنجامی باشتر .

# تاییه تمەندیەکانی بەڕێوەبەری دیموکراتی

1. مامۆستا دەتوانێ بە پێی بەرپرسیارەتی خۆی داهێنان لە پسپۆریەتی خۆی بکات و بە شێوەی پلان بۆ دانراو هەموو کارەکان جێ بەجێ بکات.

2. بەڕێوەبەری دیموکراتی تاکە بەرپرس نیە لە جێ بەجێ کردنی کارەکانی ناو قوتابخانەکەی بەڵکو هەموو ئەندامەکانی وەك خێزانێکی گەورەو خۆش گوزەران دەبینرێت کە پەیوەندی رێزو خۆشەویستی لە نێوانیان دا هەیە و بۆ بەدی هێنانی یەك ئامانج هەوڵ دەدەن و کە ئامانجێکی گشتی یەو بە موڵکی خۆیان دەزانن.

3. هاندانی هەریەك لە قوتابیەکان بۆ باشترکردنی ئاستی زانیارییان و گرینگی دان بە جیاوازی تاکایەتی و حەزوو ئارەزووی قوتابیان کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامی کۆتاییان.

# تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبەری دیموکراتی

4. بەشداریکردنێکی بەردەوامی ستافەکەی لە دیاری کردنی سیاسەت و بەرنامەی قوتابخانەکەیان چونکە بەریچوەبردنی دیموکراتی پێویستی بە توانا جۆراوجۆرەکان هەیە کەئەمەش وادەکات بوارێکی زیاتر بڕەخسێنێت بۆ سستەمی قوتابخانەکەو بەرزکردنەوە ی گیانی هاوکاری و سەرکەوتنی کارەکان.

5. ئامانجی سەرەکی بەڕێوەبەری دیموکراتی ئەوەیە کەهەریەك لە کارمەندەکان حەزێکی زیاتری هەبێت بۆ پیشەکەی وە زیاتر هەست بە ئارامی بکات لە بەڕێوەبردنی کارەکانی ئە نجامی ئەمەش بریتی دەبێت لەگەشە پێدانی پەیوەندییە مرۆییەکان لە نێوان هەریەك لە کارمەندەکان.

6. لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی قوتابخانە لەکاتی بڕیاردان و جێ بەجێ کردنی کارەکان بە شێوەیەك بێت کە بگونجێت لە نێوان هەموو ستافی قوتابخانەکە چونکە هەریەکێك لە ئەندامانی ستافەکە بە پێ ی بەرپرسیارەتەکەی خۆی دەتوانێت کارەکانی رابپەڕێنێت و سەرکەوتنی زیاتر لەئەرکەکەی بەدەست بێنێت.

7. کەشی دیموکرانی بوون لە بەڕێوەبردندا دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ فراوان کردنی بیرکردنەوەی هەریەك لە مامۆستایان و قوتابیان.

# تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی به‌ڕێوه‌به‌ری دیموكراتی

8. به‌كارهێنانی سیاسه‌تی پاداشت كردن كه‌ هانده‌رو هۆكارێكی باشه‌ به‌ پێ ی ئه‌وه‌ی كه‌ مرۆڤ بوونه‌وه‌رێكی كۆمه‌لآیه‌تیه‌ له‌ رووی سایكۆلۆجی و ده‌روونی به‌وه‌ باشتر كاره‌كان ئه‌نجام ده‌دات.

9. به‌ڕێوه‌به‌ری دیموكراتی زۆربه‌ی كات هه‌وڵده‌دات له‌كاتی دروست بوونی هه‌ڵوێستی ناخۆشی نێوان ستافه‌كه‌ی هه‌میشه‌ ببێته‌ نموونه‌یه‌كی باش بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كه‌.

10. به‌ڕێوه‌به‌ری دیموكراتی په‌یوه‌ندی خۆی و كارمه‌نده‌كانی له‌گه‌ڵ په‌یوه‌ندی كۆمه‌ڵگاكه‌ی له‌سه‌ر بنه‌مای له‌یه‌ك گه‌یشتن ده‌بێت كه‌ ئه‌مه‌ش واده‌كات چالآكی زیاتر به‌دی بكرێت.

11. له‌ به‌ڕێوه‌بردنی دیموكراتی دا هه‌ڵه‌كردن دیارده‌یه‌كی ئاساییه‌ و هه‌موو مرۆڤێك ئه‌گه‌ری هه‌ڵه‌كردنی هه‌یه‌و وه‌پشكنینی له‌ ناكاو ئه‌نجام نادرێت تاكو هه‌ستی كارمه‌نده‌كان بریندار نه‌كات.

12. ڕه‌چاوكردنی هاوسه‌نگی له‌ هه‌ڵس و كه‌وت كردنی له‌گه‌ڵ هه‌ریه‌كێك له‌ مامۆستاكان كه‌ هیچیان هه‌ست به‌ جیاوازی نه‌كه‌ن.